٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکە بۆ ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لە بەری بکە : ڕۆما ١٠: 12 ، ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دواییین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 9: 1- 33. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٣٤)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئیشایا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ئیشایا ٥، ٦ ، ٧ ، ٨)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی

لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١٠: ١٢

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچونەوە** بکەن ، بۆ ڕۆما ١٠: ١٢ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 9: ١- 33

پێشەکی : پۆڵس لە ڕۆما١: ١٦- ١٧ دا دەڵێ ، ئینجیل هێزی خودایە بۆ ڕزگاریی هەر کەسێك باوەڕ بهێنێ ، یەکەکجار جولەکە پاشان نەتەوەکان بەڵام لە ڕاستیدا جولەکە یەکەمجار لە پێشترە مزگێنی پێبدرێت بڕوانە مەتا ١٠: ٥- ٦ ، هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٤: ٢، ٦ .

بۆیە پۆڵس پێناسەی خواستی بنەڕەتی خودا دەکات بە گشتگیری تایبەت بە گەلی جولەکە لە ڕۆما ٩، ١٠ ، ١١ دا هەروەها بڕوانە ڕۆما ٩: ١- ٥ وە ڕۆما ٩: ٦- ١٦ وە ڕۆما ٩: ١٧- ١٨ وە ڕۆما ٩: ٦- ٣٣.

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما 9: 1- 33 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش

و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕستی ئاشكرا بكە كە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبكەوە و بیرۆكەكانت بنوسە لە پەڕاوەكەتدا .
بەشداری بكە. (دوای ئەوەی ئەندامان كاتێك بەسەردەبەن لە بیركردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆكەكانتان بەشداری پێبكەن).
هەریەكێكمان بەشداری دەكەین لەو شتانەی كە ئاشكرا كران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر كۆمەڵەیەكی بچوكدا ، ئەندامانی كۆمەڵەكە بە شێوەیەكی جیاواز بەشداری دەكەن).

ڕۆما 9: 1- 5

<u>ئاشكراكردنی ١: بێناسەی تایبەتمەندیەكانی گەلی ئیسرائیل بكە .</u>

دواتر قسە دەكەین لەبارەی تایبەتمەندیەكانی گەلی ئیسرائیل . خودا ڤیای كردنەوە تاكو خزمەتی بكەن و خەڵكی دیكە لە ڕێگەی ئەوانەوە بیناسن بڕوانە كردار ١٣: ١٦- ٢٣ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ١٣ .

لە خۆگرتن یان لەخۆگرتنی منداڵ دەتسەواژەیەكە ئاماژەیە بۆ ئیسرائیل وەكو كوڕی نۆبەرەی خودا ، دەرچوون ٤: ٢٢- ٢٣ ؛ هۆشەع ١١: ١ واتە ئیسرائیل سەرەتای گەلی خودایە لەسەر زەوی نەك تەنها گەلی ئەو بن لەسەر زەوی .

شكۆ یان شكۆی خودا دەستەواژەیەكە ئاماژە دەكات بۆ ڕاگەیاندنی خودا بۆیان وە ئامادەبونی خودا لەگەڵیان لە مێژووی ڕابردوودا بڕوانە دەرچوون ١٣: ٢١- ٢٢ وە ٢هەواڵی ڕۆژان ٧: ١- ٣ .

پەیمانەكان . بڕوانە پەیدابوون ١٢: ١- ٣ ؛ ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ دەرچوون ٦: ١- ٧ ؛ ١هەواڵی ڕۆژان ١٧: ١١- ١٤ ؛ یەرمیا ٣١: ٣١- ٣٤ بەراوردی بكە بە گەڵاتیە ٣: ١٦ .

شەریعەت . بڕوانە گەڵاتیە ٣: ١٦- ١٩ .

پەرستن . بڕوانە عیبرانیەکان ٩: ٦- ١٠ .

بەڵێن یان بەڵێنەکان .بڕوانە پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ ١پاشایان ٤: ٢٠ پەیدابوون ١٥: ١٨ ؛ ١پاشایان ٤: ٢١ ؛ پەیدابوون ١٨: ١٠، ١٤ ؛ زەبور ١٨: ٢٩ .

باوکان . گەڵاتیە ٣: ١٦- ١٧ .

مەسیح بەپێی جەستە . بڕوانە لۆقا ٣: ٢٣، ٣٧ ؛ ڕۆما ١: ٣ ؛ یۆحەنا ٤: ٢٢ ؛ گەڵاتیە ٤: ٤ ؛ فیلیپی ٢: ٥- ١١ ؛ فیلیپی ٣: ٨- ٢١ .

ڕۆما ٩: ٦- ١٣

ئاشکراکردنی ٢: دەرکەوتن وچەسپانی سەرڕاستی خودا .

أ. خودا بەپێی بەڵێنی خۆی بە سەرڕاستیانە کاردەکات ڕۆما ٩: ٦- ٩ .

وشەکانی ئیسرائیل و نەوەو ڕۆڵە بەشێوەیەکی گشتگیر و تایبەتیش بەکار دێت دیارە بەپێی بەڵێنەکەی خودا دیاری دەکرێت .

یەشوع ٩ هەروەها بڕوانە ئیشایا ٥٦: ١- ٨ .

دەرئەنجام : خەڵکی بە لەدایکبونی سروشتی نابنە ڕۆڵەی خودا بەڵکو تەنها لە ڕێگەی بەڵێنی خوداو دەسەڵات و سەروەریی خودا دەبنە ڕۆڵەی خودا .

ب. خودا بە سەرڕاستی کاردەکات بەپیی خواستی هەڵبژێردراوی خۆی ڕۆما ٩: ١٠- ١٣ .

لە لایەکەوە وشەکانی یاقوب وعیسۆ بەکاردەێن وەکو واتای گشتگیر بەڵام لەلایەکی ترەوە بەکار دێن وەکو دیاریکراو . بڕوانە ڕۆما ٩: ١١ – ١٣ .

دەرئەنجام : خەڵکی نابنە ڕۆڵەی خودا بەپێی کارە مرۆڤانەکانیان ئەوان تەنها بە هەڵبژاردنی خودایی دەبنە ڕۆڵەی خودا وە بە بانگکردنی خودایی و خۆشەویستیەکەی .

ڕۆما ٩: ١٤- ١٨

ئاشکراکردنی ٣: دەرکەوتنی دادپەروەری و ڕاستودروستی خودا.

أ. خودا بەرزترین دەسەڵاتە بۆیە مافی خۆیەتی نیعمەت ببەخشێ بە کێ کە دەیەوێ ڕۆما ٩: ١٤- ١٦ .

دەتوانین هەمومان قسە بکەین لەبارەی دادپەروەریەوە کاتێ کەسێك باسی دادپەروەری دەکات.

بڕوانە ڕۆما ٥: ١٢ ؛ زەبور ٥١: ٥ ؛ ئەیوب ١٤: ٤ ؛ ڕۆما ٣: ٢٣ ڕۆما ٥: ٦، ٨، ١٠ ؛ ڕۆما ٥: ١٧- ١٩ ؛ یۆحەنا ٣: ١٦ ، ١٨ ، ٣٦ .

ناتوانین جگە لە نیعمەت قسە لەبارەی هیچ شتێکی ترەوە بکەین کاتێ کەس ناتوانێ داوای مافێک بکات کە مافی خۆیەتی .

نیعمەت وبەزەیی دیاری بێ بەرامبەری خودایە کە هیچ کەس شایەنی نیە . دەرئەنجام : مرۆڤ نابێتە ڕۆڵەی خودا بە حەزو هەوڵەکانیان بەڵکو بە نیعمەت و بەزەیی و سۆزو و دەسەڵات و میهرەبانی خودا .

ب. خودا گەورەو مەزنترینە بۆیە ئازادەو مافی خۆیەتی توند بێت لەگەڵ ئەوەی خۆی دەخوازێ ڕۆما ٩: ١٧- ١٨ .

تاوانی مرۆڤانەو تونديی ، ڕۆما ١: ١٨، ٢٥ ، ڕۆما ١: ٢٤، ٢٦ ، ٢٨ ؛ گەڵاتیە ٦: ٧- ٨ .

خواستی خوداو تونديی .

لە تێڕوانینی دادوەریەوە ، هەموان گوناهەیان کردو شایەنی ئەو تونديەن بەڵام لە ڕاستیدا خودا توند نەبوە لەگەڵ زۆرترین دڵەکانی خەڵکی بەڵکو بەزەیی هەیە بۆ گەڕانەوەیان وەك چۆن بڕیاری داوە . هەندێ لە خەڵکی

نابنە ڕۆڵەی خودا لەبەر دوو هۆکار : لەسەر ئاستی دادوەری خودا ، ئەوان گوناهیان کردو شایەنی ئەو تونديەن ، وە لەسەر ئاستی سەروەریی خودا : خودا ڕێگری کردوە لە نیعمەتەکی بۆیان .

دەرئەنجام : خەڵکی نابنە ڕۆڵەی خودا بە خواستی خۆیان یان بڕیارەکانیان ، بەڵکو بە خواستی خوداو ئامانجی ئەو کە لە دەسەڵات و سەروەریەکەیەوە سەرچاوەی گرتوە بەتەواوەتی .

ڕۆما ٩: ١٩ـ ٢٦

ئاشکراکردنی ٤: دەرکەوتنی دەسەڵات و سەروەریی خودا.

أ. خواستی سەروەرانەی خودا لەسەروو هەموو شتێکەوەیە ڕۆما ٩: ١٩ هەروەها بڕوانە کردار ١٧: ٢٤ـ ٢٧ وە ئەفەسۆس ١: ٧ـ ١٢ وە ڕۆما ٣: ٦ ؛ ڕۆما ٨: ٢٨ـ ٣٠ ؛ ٩: ٦ـ ٢٦ ؛ ڕۆما ١١: ٣٣ـ ٣٦ .

ب. خواستی سەروەرانەی خودا مامەڵە دەکات لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە – جیهانی مرۆڤی کەوتوو ڕۆما ٩: ٢٠ـ ٢٣ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٦: ٢٣ وە ڕۆما ٨: ٢٩ـ ٣٠ .

دەرئەنجام : هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی یان جێی تورەیی خوداو حوکمدانی خودان ڕۆما ٩: ١٧ـ ٢٢ یان جێی بەزەیی خودان ڕۆما ٩: ٢٣ .

ج. دەسەڵات و سەروەریی خودا بانگەوازەکەی دیاری دەکات بۆ ناجولەکەکان ڕۆما ٩: ٢٤ـ ٢٦ .

خودا جولەکەو ناجولەکە بانگ دەکات بۆ خۆی .

خودا سەرڕاستە لە بەڵێنەکان و پەیمانەکانیدا ڕۆما ٩: ٢٤ ڕۆما ٩: ٦ ؛ ڕۆما ٨: ٣٣؛ ٢سالۆمیکی ٢: ١٣ـ ١٤ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩ بینین ٥: ٩ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩ـ ١٠ ؛ پەیدابوون ١٢: ٣ .

بانگکردنی ناجولەکە لەلایەن خوداوە لە پەیمانی کۆندا .

لە پەیمانی کۆن هۆشەع ٢: ٢٣ و ١: ١٠ ئاماژە دەکات بۆ ناجولەکە ئەوانەی گەلی خودا نەبوون لەماوەی پاشایانی خراپەکاری گەلی ئیسرائیل . لەگەڵ ئەوەشدا خودا بەڵێنی دا بە جولەکە کە جارێکی تر ببنەوە بە گەلی خودا ئەمەش هاتە دی لە گەڕانەوەی جولەکە لە ڕاپێچەکەی بابل و کاتی ڕزگاری ڕۆحی پیرۆز بەسەردا دواتر بەسەر جولەکەدا لە ئۆرشالیم لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا .

بانگکردنی ناجولەکەکان – نەتەوەکان لە پەیمانی نوێدا .

ئەفەسۆس ٢: ١- ٢٢ ؛ ٣: ١- ٦ ؛ ڕۆما ٩: ٦ گەڵاتیە ٦: ١٤- ١٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٦ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ ڕۆما ٩: ٢٥- ٢٦ .

ڕۆما ٩: ٢٧- ٣٣

ئاشکراکردنی ٥: شرۆڤەو ڕونکردنەوەی کێن ئەوانەی پاشماوەن .

أ. پێشبینی پەیمانی کۆن بە ڕوونی باسی پاشماوە دەکات لە ئیسرائیلدا ڕۆما ٩: ٢٧- ٢٩ .

بڕوانە ١پاشایان ٣: ٨ ؛ پەیدابوون ١٣: ١٦ ؛ ٢هەواڵی ڕۆژان ١: ٩ ؛ پەیدابوون ١٥: ٥ ؛ وتەکان ١٠: ٢٢ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٧ ؛ ١پاشایان ٤: ٢٠ ؛ هەروەها بڕوانە ئیشایا ١٠: ٢٢- ٢٣ ؛ ١پاشایان ١٩: ١٨ ؛ یەرمیا ٥٠: ٢٠ ؛ یۆئیل ٢: ٣٢ ؛ میخا ٢: ١٢ وە یۆحەنا ١: ١١- ١٣ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ، ٣٣ ؛ ڕۆما ١١: ٥ ؛ ڕۆما ٩: ١١ ؛ ئیشایا ١: ٩ ؛ ڕۆما ٩: ٢٧- ٢٩ .

ب. پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن هۆشداری داوە بە ڕوونی لەبارەی ساتمەکردنەوە ڕۆما ٩: ٣٠- ٣٣ .

ئەو ڕاستودروستیەی بەدەست دەهێنرێت و ئەو ڕاستودروستیەی هەوڵی بۆ دەدرێت .

ڕاستودروستی خودا ئەوەی لە عیسای مەسیح دایە دەکرێ دەست بکەوێت بە نیعمەتی خودا تەنها لەڕێگەی باوەڕەوە ، بەڵام ئەو ڕاستودروستیەی

هەوڵی بۆ دەدرێت لەلایەن دینداڕەکانەوە کە هەوڵ دەدەن لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست بن بە پەرستنی ئایینی و کردارەکانیان ئەوان هیوایان هەیە کە خودا ڕاستودروستیان ڕابگەیەنێت لەسەر بنەمای هەوڵ وتێکۆشانەکانە ئاینیەکانیان .

هۆشداری و بەڵێن لە پەیمانی کۆندا ، بڕوانە ئیشایا ٨: ١٤ ؛ ئیشایا ٢٨: ١٦ ؛ لۆقا ٢: ٢٤ ؛ مەتا ٢١: ٤٤ .

پەیوەندی نێوان خواستی خوداو خواستی مرۆڤ .

بڕوانە ڕۆما ٨: ٥- ٨ .

دەرئەنجام : خواستی سەروەرانەی خودا خواستی مرۆڤ لە خۆدەگرێ لە بەرپرسیارێتیەکەی کە باوەڕ بهێنێ و گوێرایەڵی بێت و بەژیانێکی پیرۆز بژی ئەمەش دڵنیاییەکە بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی لەسەر زەوی ئەفەسۆس ١: ٤- ١٤ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩ ؛ فیلیپی ٢: ١٢- ١٤ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 9: 1- 33 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی

گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 9: 4- 9

<u>پرسیاری</u> ١ : <u>ئایا کتێبی پیرۆز دەڕوانێتە ئیسرائیل لەسەر ئاستی ئەوەی کە گەلێکن بە واتای ئایینی؟</u>

تێبینیەکان .

جولەکە و مەسیحی ئەمڕۆ وای دادەنێن کە وشەی ئیسرائیل واتایەکی مەبەستداری نەتەوەیی هەیەو بەس . ئەوان بڕوایان وایە گەلی ئیسرائیل وەکو قەوارەیەکی نەتەوەیی گەلی خودان ، هەروەها بڕوایان وایە خودا پلانی ڕزگاریی هەیە بۆ ئیسرائیل لە ڕووی نەتەوەییەوە جیاواز لە پلانەکەی بۆ نەتەوەکانی دیکە ، بەڵام کاتێ لێکۆڵینەوە دەکرێ و پشکنینی پەیمانی کۆن و نوێ دەکرێ دەردەکەوێت کە هەموو کتێبی پیرۆز وشەی ئیسرائیلی کورت نەکردۆتەوە لە ئاماژەیەکدا بۆ گەلی ئیسرائیل وەکو نەتەوە . بەڵکو بەکاری هێناوە هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت وەکو ئاماژەیەك بۆ گەلی ڕۆحی خودا .

أ. تێروانینی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن . بڕوانە ١پاشایان ١٩: ١٨ ؛ ئیشایا ١: ٩ ؛ ١٠: ٢٠- ٢٢ ؛ هۆشەع ١: ١٠ ؛ یۆئیل ٢: ٣٢ ؛ میخا ٢: ١٢ .

ب. تێروانینی عیسای مەسیح

عیسای مەسیح لەسەردەمی خۆیدا جیاکاری کرد ، ئەو لە نێو گەلی ئیسرائیلدا دەژیا لە نێوان جولەکە ئەوانەی میراتگری شانشینەکەی خودا نەبوون لەلایەك و ئەو جولەکانەو نەتەوانەی کە میراتگری شانشینی خودا بوون لەلایەکی تر ، بڕوانە مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤ ؛ یۆحەنا ٦: ٦٠- ٦٦ ؛ ٨: ٣٠- ٤٧ ؛ یۆحەنا ١: ٤٧ .

ج. تێروانینی نێردراوانی پەیمانی نوێ .

بڕوانە ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ ؛ ڕۆما ٩: ٤- ٩ ؛ڕۆما ٩: ٢٧ ، ٣٢ ؛ گەڵاتیە ٤: ٢٨- ٢٩ ؛ ٦: ١٦ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤ ؛ یۆحەنا ١٠: ١٦ .

ڕۆما ٩: ٤- ٥

پرسیاری ٢: کێێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە هەڵبژاردنی گەلی ئیسرائیل ؟

تێبینیەکان .

أ. هەڵبژاردنی ئیسرائیل هەڵبژاردنێک بوو بۆ هەموو نەتەوەی ئیسرائیل.

بڕوانە وتەکان ١٤: ٢ ؛ وتەکان ٤: ٣٧ ؛ ٧: ٧- ٨ ؛ ١٠: ١٥ ؛ ئامۆس ٣: ٢ .

ب. هەڵبژاردنی نەتەوەی ئیسرائیل هەڵبژاردنێک بوو لە پێناوی تایبەتمەندیەکان .

ڕۆما ٩: ٤- ٥ ؛ گەڵاتیە ٣: ٢٣- ٤: ٧ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٣- ١٦ ؛ ڕۆما ٨: ١٤؛ ئەفەسۆس ١: ٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ٢٢ ؛ ٣: ٤- ٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٢٠ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٢٠ .

ج. هەڵبژاردنی ئیسرائیل بژاردەیەك نەبوو بۆ ڕزگاریی .

ڕۆما ٩: ٦- ٩ ؛ ئیشایا ١٠: ٢٠- ٢٢ ؛ ڕۆما ٩: ٢٧ .

ڕۆما ٩: ١٠- ١٣

پرسیاری ٣: ئایا پۆڵسی نێردراو تێگەیشتوە لە (خواستی خودا لە ڕووی هەڵبژاردنەوە بە واتای هەڵبژاردنی هەموو نەتەوەکە بە تەواوەتی لەپێناوی مەبەستێکی دیاریکراودا یان بە واتای هەڵبژاردنی تاک بۆ ڕزگاریی ؟

تێبینیەکان .

ڕوونە کە پۆڵس ئاماژەی کردوە بە هەڵبژاردنی خودایی بۆ تاك لە پێناوی ڕزگاریی نەك هەموو نەتەوەکە .

أ. خواستی خودا لەڕووی هەڵبژاردنەوە خواستێکی جێگیرە و دیاریکراوە کە گوزارش دەکات لە هەڵبژاردنی ڕزگاریی .

٢ساڵۆنیکی ٢: ١٣ ؛ ڕۆما ٨: ٢٨ ؛ ئەفسۆس ١: ١١؛ ٣: ١١ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩ .

ب. خواستی خودا لەڕووی هەڵبژاردنەوە کاریگەری هەیە لەسەر خۆشەویستی خودا بۆ یاقوبی مرۆڤ .

ڕۆما ٩: ١٢- ١٣ ؛ پەیدابوون ٢٥: ٢٣ ؛ مەلاخی ١: ٢- ٥ ڕۆما ٩: ٦ ؛ ڕۆما ٩: ٢٧ ، ٢٩ .

هەروەها بڕوانە یۆحەنا ٥: ٩ .

لە کۆتاییدا ، سەردەمی کرداری خۆشم دەوێ و ڕقم لێی دەبێتەوە بە ڕابردووی سادەی زانراو ئاماژەیە بۆ کارەکانی تاک ی یاقوب وعیسۆ نەك کارە بەردەوام ودوبارەکان لە مێژووی نەتەوەکانی ئیسرائیل و ئەدۆم . زۆرێك لەو جولەکانەی کە گەلی ئیسرائیلن باوەڕیان نەهێنا بە عیسای مەسیح ئەمەش واتای ئەوە نیە کە بەڵێنی خودا بۆ گەلی ئیسرائیل پوچەڵ بۆوە چونکە بەڵینی خودا تایبەت نیە بە هەموو جولەکەوە لە نێو گەلی ئیسرائیلدا . وە ئەو بەڵینە هاتە دی لە نێو ئەو جولەکانەدا کە خودا بە نیعمەتی خۆی هەڵیبژاردن تاکو ڕزگاریان بێت وەکو ئیسحاق و یاقوب.

هەنگاوی ٤: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ٩: ١- 33 .
بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 9: ١- : 33 .

9: ١ : هەمیشە بدوێ بە ڕاستی وە وئژدانت با لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆحی پیرۆز بێت و دڵنیایی ببەخشێ بەو ڕاستیە .

٩: ٢ : بایەخ بدە بە ڕزگاریی خەڵک ئەوانەی سەر بە گەل ونەتەوەکەتن و ئەوانەش سەر بە گەل ونەتەوەکانی ترن مەتا ٢٨: ١٩ .

٩: ٨ : پشت مەبەستە بە باو وباپیران وڕەچەڵەکت تایبەت بە ڕزگاریی چونکە تەنها لەڕێگەی باوەڕت و نیعمەتی خوداوە تۆ ڕۆڵەی خودایت .

٩: ١١- ١٣ : پشت مەبەستە بە کردارەکانت تایبەت بە ڕزگاریی چونکە تەنها لە ڕێگەی هەڵبژاردنی خوادیی و بانگەواز و خۆشەویستیەکەیەوە تۆ ڕۆڵەی خودایت .

٩: ١٤- ١٥ : نەکەی خودا تاوانبار بکەیت بە ستەمکار چونکە هەموو مافێکی هەیە کە کێی بوێ ڕزگاریی بکات لە نێوان لەناوچوەکاندا ئەو

ژمارەیەکی زۆر مەزن ڕزگار دەکات لە خەڵکی بەڵام بە نیعمەت چونکە شایەنی ئەوە نین.

٩: ١٦ : پشت مەبەستە بە حەزو ئارەزووت (خواست ئازادانەت) یان هەوڵ وتێکۆشانت بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاریی چونکە بە بەزەیی خودا تۆ بویتە بە ڕۆڵەی خودا .

٩: ١٧ : ئەو ڕاستیە بزانە کە خودا هەموو مرۆڤێك بەکار دەهێنێ لە مێژوودا بۆ بەدیهێنانی خواستە جاویدانیەکەی پەندەکان ١٦: ٤؛ ئیشایا ٤٥: ٧ .

٩: ٣٣: هۆشداریەکانت لەیاد بێت : یان ساتمە دەکەیت بە عیسا وە یان ئەو دەبێتە بەردی بناغەی ژیانت لۆقا ٢: ٣٤ .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دڵخۆشم بەو ڕاستیەی کە خودا منی هێنا بەرەو مەسیح وە ئەو ڕاستیەی کە ئێستا سەر بە مەسیحم و دڵنیام وە خودا هەڵیبژاردم وبانگی کردم وخۆشی دەوێم .

ب. لەبەرئەوەی من گۆزەیەکی شێوە کێشراوی بەزەیی خودام لەسەرمە بزانم کە خودا هەڵیبژاردووم بۆ شکۆمەندیەکەی ئیشایا ٤٣: ٧ .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە هاتنەدەنگ
بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 9: 1- 33 .
(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 9: 1- 33.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا 9، 10 ،11، 40. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە.